# با هەتایە کارەساتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی هەڵەبجە سیمبوڵی یەکبوون و کوردایەتیمان بێت

ئامادەبووانیبەڕێز , خوشکان و برایان و مناڵە خۆشەویستەکانی کورد...

لەسەرەتادا بەناوی کۆمیتەی ریفراندۆمی کوردستانەوە گەرمترین بەخێرهاتنتان لێدەکەین و زۆر سوپاسی ئامادەبوون و بەشدار بوونی هەمووتان دەکەین.

ئەمرۆ , لەم کۆبوونەوەیەماندا یادی کارەساتێکی نەتەوەیی تراژیدیایی دەکەینەوە کە بێوێنە لە سەدەی بیستەمدا . وەك لای هەمووان ئاشکرایە , 16 ساڵ لەمەوبەر لە کوردستانی ژێردەستی دەوڵەتی ئێراقدا, سوپای درندە و داگیرکەری ئێراقی , بە هاوکاریی تەکنەلۆژیای زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی سەرمایەداری و وڵاتانی بەناو سۆسیالیستییەوە , شارۆچکەیەکی باشووری کوردستانیان بە مادەی کیمیاوی بۆمباباران کرد و لە چەند چرکەیەکدا بە هەزاران دانیشتوانی ئەو شارۆچکەیەی باشووری کوردستان لە مناڵان و ژنان و کچان و پیاوان و گەورەساڵانیان کیمیاویباران کرد و بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە لە چرکە ساتێکدا بە هەزاران لە دانیشتوانی بێتاوانی ئەو شارۆچکەیەیان بە گازی کیمیاوی لەناوبرد و گەورەترین کارەسات و تراژیدیای مرۆڤانەیان بۆ مێژووی پڕ لە شەرمەزاریی مرۆڤایەتی تۆمار کرد . لە چەند چرکە ساتێکدا بە هەزاران کوردی بێتاوان و سیڤیلیان ژەهرباران و کیمیاوی باران کرد و مەرگیان بەسەر شارۆچکەیەکی کوردستاندا باراند.هەر لەو ساتە وەختەدا هەزاران مرۆڤی بێتاوانی کورد گیان و ژیانیان لە دەست دا و هەموو دەوڵەتانی جیهانیش و هەر لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە تا پێشکەوتووترین و مرۆڤدۆستترین رێکخراوی نێونەتەوەیی بەرامبەر ئەو کارەساتە تراژیدیایە مرۆڤاتیە دا , هەڵوێستی بێدەنگیان هەڵبژارد و خۆیان بەرامبەر لەناوبردن و کۆمەڵکوژیی چەوساوەترین نەتەوەی سەرپووی زەمین, کوردی هەژار و بێپشت و بێپشتیوان گێل کرد. ئەمە شێوەیەك بوو لە شێوە ترژیدیاییەکانی مرۆڤایەتی کە هیچ کەس و هیچ دەوڵەت و لایەنێنك هەڵوێستی مرۆڤانەیان بەرامبەر وەرنەگرت . ئەم رووداو و راستییانە هەموومان بە کردەوە بەچاوی خۆمان بینیمان. بەڵێ بەگشتی مرۆڤایەتی بەرامبەر بە کارەساتی ژەهربارانکردنی هەڵەبجەی کوردستان بێدەنگ بوون. راستە هەموو ئەمانەمان بە چاوی خۆمان بینی, بەڵام با ئێمەی کورد لە خۆمان بپرسین کە ئەمانە چیمان پێدەڵێن و چیمان بۆ دەسەلمێنن؟ ...

خوشکان و برایانی تێکۆشەر و دڵسۆز ..... ئێمەی کورد دەبێت هەر خۆمان خەمخۆر و دڵسۆزی خۆمان بین , هەرخۆمان خاوەنی کێشەی رەوای خۆمان و نوێنەری مافەڕەواکان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆمان بین. تێکۆشانی خۆمان , دڵسۆزیی خۆمان , تەبایی و یەکێتیی و یەکبوونی خۆمان زامنی هەموو دڵنیاییەکی ئێستا و داهاتووی خۆمانە . ئێمە بەناوی کۆمیتەی ریفراندۆمەوە داوا لە هەموو کورد و کوردستانییەکی تێکۆشەر و دڵسۆز دەکەین کە هەمیشە کارەساتی نەتەوەیی و کوردستانی هەڵەبجە , روانگەی خەبات و پێکەوە کارکردن و یەکێتی و تەبایی هەموو ئێمەی کورد بێت , چونکە تەبایی و یەکێتییمان, بوون و

چارەنووسمانە . هەڵەبجە و کارەساتە دڵتەزێنەکانی ئەنفالی ناوبانگزڕاو و سووتان و وێرانکردنی زۆرتر لە پێنج هەزار گوندی کوردستان و لەناوبردن و زیندەبەچاڵ کردنی زۆرتر لە سێسەد هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد و کوردستان , بۆ هەتاهەتایە هەر دەبێت سیمبوڵی کورد بوون و کوردستانی بوون و تەبایی و یەکێتی و برایەتی و یەك دڵی و یەك ریزیی ئێمەی کورد بێت لە سەرتاسەری کوردستاندا.

ئەمڕۆ بە بۆنەی یادەوەریی ئەم کارەساتە نەتەوەییەوە , داوا لە هەردوو دەسەڵاتدارێتیی باشووری کوردستان دەکەین کە دەمودەست بێ دواخستن و کەمتەرخەمی , هەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکەی خۆیان یەك بخەن و رووی گەش و راستینەی جەماوەری باشووری کوردستان بە تەبایی پیشانی هەموو دراوسێکانی کوردستان و ناوچەکە و جیهان بدەن.

ئەمڕۆ لە یادی هەڵەبجەی تراژیدیای نەتەوەییدا , لە یادی هەڵەبجەی وێرانکراو و سووتماککراودا , دەبێت و پێویستە ریزەکانی خۆمان یەکبخەین و هەموو وەکوو کورد و کوردستانی یەك دڵ و یەك بیروبڕوا , یەك دەست و یەك هێز بین بۆ داهاتوویەکی مسۆگەرتر بۆ نەتەوەی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی ناسیۆنالی کوردی و کوردستانی .... لەیادی هەڵەبجەی سیمبوڵی کورد بوون و کوردستانی بوونی هەمووماندا , ئێمە جەخت لە سەر ئەو پێداویستییە گرنگ و نەتەوەییە دەکەینەوە و پڕ بە دەم هاوار دەکەین و دەڵێین با هەموو پێکەوە بۆ هەمیشە تەبا و یەك دڵ و یەکگرتوو بین بەرەو ئەو چارەنووس و ئامانجە رەوایەی هەموومان کە ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستانە. لەم کارەساتە نەتەوەییەدا هەموومان پڕ بەدەم هاوار دەکەین و دەڵێین:

- هەڵەبجە , هەڵەبجەی کورد بوون و کوردستانی بوونی هەموومانە بێ جیاوازی.
- هەڵەبجە , هەڵەبجەی کوردایەتی و تەبایی و یەکبوون و یەکگرتنی هەموومانە بێ جیاوازی.
- هەڵەبجە , هەڵەبجەی ئێستا و ئەمڕۆ و بەیانی و داهاتوومانە , هەموو وەك کورد و کوردستانی بێ جیاوازی.

خوشکان و برایانی تێکۆشەر و دڵسۆز , دووبارە بەخێرهاتنتان دەکەینەوە و هەر سەرکەوتوو بن و دڵنیا بن کە سەرکەوتن هەر بۆنەتەوەی کورد و رێبازی کوردایەتییە... ریسوابوون و تێشکان و نەمانیش هەر بۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانە.

# کۆمیتەی بەرەو ریفراندۆم لە هۆڵاندا

**14.03.2004**